*Journal of Language Studies* Vol.9, No.3, Part 3, 2025, Pages (113-132)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.3.6

IRAQI Academic Scientific Journals

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Professional dialect in Khanaqin dialect

**Sozan Karim Mohammed***
**Garmian University / College of Language and Humanities**
**sozan.karem@garmian.edu.krd**

**&**
**Kadhim Hasib Nader**
**Garmian University / College of Language and Humanities**
**kadhim.hasib@garmian.edu.krd**

**Received:** 1/ 5/ 2025, **Accepted:**4 /6 /2025, **Online Published: 30/9/2025**

## Abstract

This research is entitled (professional dialect in Khanaqin subdialect). In this research we have tried to present the concept of dialect and the reasons for the formation of dialects and languages We have tried to explain the reasons for the formation of language, and we have considered it important to discuss What is important to us is the social dialect, which consists of several different dialects, especially professional dialects in Khanaqin subdialect. Of course, professional dialects according to different professions in general in the language Kurdish, especially in this dialect, has its own set of words and phrases Professionals use it, especially the professional dialect in this dialect has its own characteristics in terms of words, terms and expressions with other

* **Corresponding Author**: Sozan Karim Mohammed**, Email:** sozan.karem@garmian.edu.krd
**Affiliation**: Garmian University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

dialects of the Kurdish language used ,so some of the professions that are directly and currently related to There are many different occupations in our daily lives.
**Keywords** (language, dialect, Types of dialects, occupation, official, etc.).

# اللهجة المهنية من لهجة خانقين

أ.م. سوزان كريم محمد
جامعة كرميان / كلية اللغات والعلوم الإنسانية
و
أ.م. كاظم حسيب نادر
جامعة كرميان / كلية اللغات والعلوم الإنسانية

المستلخص:

هذا البحث بعنوان (اللهجة المهنية في لهجة خانقين) حاولنا في هذا البحث عرض مفهوم اللهجة وأسباب تكوين اللهجات واللغات وحاولنا توضيح أسباب تكوين اللغة،اعتبرنا أنه من المهم مناقشة ما يهمنا هو اللهجة الاجتماعية التي تتكون من عدة لهجات مختلفة وخاصة اللهجة المهنية التي لها خصائصها الخاصة في لهجة خانقين، بالطبع اللهجة المهنية حسب المهن المختلفة في اللغة الكردية بشكل عام وخاصة في هذه اللهجة لها كلمات وعبارات خاصة بها ويستخدمها المحترفون وخاصة اللهجة المهنية في هذه اللهجة لها خصائصها الخاصة من حيث الكلمات والتعابير مع اللهجات الأخرى وقد ناقشنا أيضا المهن التي تشتق أسماؤها وكلماتها ومصطلحاتها من اللغة العربية ويستخدمها المتحدثون باللهجة، لذلك فإن بعض المهن التي ترتبط مباشرة بحياتنا اليومية منتشرة ومتنوعة حسب الضرورة.
**الكلمات الدالة** (اللغة، اللهجة، أنواع اللهجات، المهنة، الرسمية).

# زاری پیشەیی لە شێوەزاری خانەقیندا

م.ی.سۆزان كريم محمد
زانكۆی گەرمیان / کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان
و
م.ی .كاظم حسيب نادر
زانكۆی گەرمیان / کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان

پوختە:
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( زاری پیشەیی لە شێوەزاری خانەقین )ە،لەم توێژینەوەدا هەوڵمانداوە چەمکی زار و هۆکاری دروستبوونی زار و زمان بخەینەڕوو، توێژینەوەکە لەسەر ڕێبازی پەسنی شیکاری ئەنجامدراوە نمونەکان لەئاخاوتنی ڕۆژانە وەرگیراون،وشە و دەستەواژە تایبەتەکانیانی ڕوونکراوەتەوە کە چۆن هەریەکە لە پیشە جیاوازەکان خاوەنی وشە و دەستەواژەی تایبەتی خۆیانن بەتەواوی لە گفتوگۆ و ئاخاوتنی ڕۆژانەیان ڕەنیگداوەتەوە،هەربۆیە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەماندا تیشک خراوەتە سەر بابەتەکانی زار و شێوەزار جۆرەکانی زار و چۆنێتی دروست بوونیان بەشێوەیەکی تیۆری رونکراونەتەوە، لەبەشی دوهەمدا بەشێویەکی پراکتیکی نمونەکان تۆمارکراون بونەتە بەڵگەی جیاوازی ئاخاوتنی پیشە و کارە جیاوازەکان زیاتر ئەو پیشەیانەمان خستۆتە بەرباس کە ناوی پیشە و وشە و زاراوەکانی تایبەت بەو پیشەیە لە زمانی عەرەبیەوە وەرگیراون و لەلایەن قسەپێکررانی شێوەزارەکەوە بەکاردەهێنرێت، بۆیە هەندێك لە ئەو پیشانەی کە ڕاستەوخۆ و لە ئێستادا پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەمانەوە هەیە و پیشەی بەربڵاو و جۆراوجۆرن لەئەنجامدا گەیشتوین بەچەند خاڵێک دیارترینیان ئەوەیە کە پیشە و کاری ڕۆژانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شێوازی ئاخاوتنی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە هەر بۆیە کاتێک گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵێک کرێکار لەشوێنی کارەکەیان ئەنجامدەدەین وشە و دەربڕینەکانیان پەیوەستە بەکار و چالاکیی رۆژانە و پیشەکەیانەوە بۆ هەموو پیشەیەکی تریش بەهەمان شێوە ڕاستە.

**<u>کلیلە وشە</u>** ( زمان ،زار ، جۆرەکانی زار ، پیشە، فەرمی ...هتد ).

## <u>پێشەکی</u>

-ناونیشانی توێژینەوەکە: بریتییە لە ( زاری پیشەیی لە شێوەزاری خانەقین )دا،جگە لە خستنەڕوی چەمك و پێناسەی زار و هۆکارەکانی دروستبوونی بەگشتی لە زماندا ، زیاتر هەوڵێکە بۆ ناساندنی شێوەزارەکە و هەروەها ئاشنابوون بە ئەو وشە و دەستەواژانەی کە لە زاری پیشەیی شێوەزاری خانەقیندا لەلایەن پیشەکارانەوە بەکاردەهێنرێت .لەگەڵ ئەوەشدا باسی هەندێك لە پیشەی پیشەکارانمان کردوە و کە وشە و دەربڕینی تایبەت بە پیشەکانیان لە شێوەزارەکەدا خراوەتەڕوو.

-کەرەستە و سنووری توێژینەوەکە:

کەرەستە و نمونەکانی لە ئاخاوتنی ئێستای قسەکەرانی شێوەزاری خانەقینەوە وەرگیراون و سنوورەکەشی شێوەزاری خانەقین سەر بە زاری کرمانجی خوارووی زمانی کوردییە.

-گرفت و پرسیاری توێژینەوەکە:

هەوڵدەدەین وەڵامێک بۆ ئەو گرفت و پرسیارانە بدۆزینەوە کە تایبەتن بە توێژینەوەکە بەنمونە:- ئاخۆ پیشە جیاوازی لە ئاخاوتن دێنێتە کایەوە؟ لە شێوەزاری خانەقیندا چی جیاوازییەک بەدیدەکرێت لەئاخاوتنی پیشە جیاوازەکاندا؟ ئایە ژینگە و جوگرافیای تایبەت و دیاریکراو پیشەکان گۆڕان لە ئاخاوتنی ڕۆژانە دێنێتەکایەو.

-ڕێبازی تویژینەوەکە :

لەم توێژینەوەدا ڕێبازی پەسنی – شیکاریی پەیڕەوکراوە.

-ئامانجی تویژینەوەکە :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە،ناساندن و بەدەرخستنی ئەو تایبەتمەندییانەی لە شێوەزارەکەدایە،بەتایبەت خستنەڕوی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە لەلایەن پیشەکارەکانی ئەم شێوەزارەوە بەکاردەهێنرێت ،،کە بە زاری پیشەیی ناودەبرێت،هەروەها مەبەستمانە ئەم توێژینەوەیە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە بارەی شێوەزارەکەوە و زیاتر بناسرێت لەلایەن شێوەزارەکانی تری زمانی کوردییەوە .

-ناوەرۆکی توێژینەوە :

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی ،دوو بەش ، ئەنجام ، پوختە و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە

-ناوەرۆکی دوو بەشەکە بەم شێوەیە خراونەتەروو:

بەشی یەکەم / ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ کورتەیەك لەسەر شێوەزاری خانەقین و خستنەڕوی زاراوەی زار و شێوەزار ،هۆکارەکانی دروستبوونی زار هەروەها جۆرەکانی زار .

بەشی دووەم /ئەم بەشەیان لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە دەگرێتەخۆ،تێیدا ئاماژە بە زارە کۆمەڵایەتییەکان کراوە و زیاتر سەرنجمان خستۆتەسەر زاری پیشەیی و هەندێك لە پیشە جیاوازەکانمان هەڵبژاردوە و کە هەریەکەیان خاوەن وشە و دەستەواژەی تایبەت بە خۆیانن ،بەپێی شێوازی قسەپێکەرانی ئێستای شێوەزارەکە چەندین نموونەمان خستۆتەڕوو.

## 1/1)بەشی یەکەم : کورتەیەك لەسەر شێوەزاری خانەقین:

شێوەزاری خانەقین بە بەراورد بە شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی لە ڕووی مێژوییەوە نوێیە،ئەم شێوەزارە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو بە دواوە گەشەی کردوە و لە بیستەکان و سییەکاندا خەڵکەکەی بە شێوەزارەکانی ( کەڵهوڕی ، هەورامی ، لوڕی ، گەرمیانی ، سلێمانی )قسەیانکردوە،ئەمەش بەهۆی نزیکی شێوەزارەکانی لە یەکترەوە توانیویانە لە یەکتر تێبگەن و کاری ڕۆژانەیان جێبەجێبکەن .لە ئێستادا زیاتر قسەپێکەرانی شێوەزارەکە بە شێوەزاری ( کەڵهوڕی _ لوڕی )دەدوێن.لەبەرئەوەی دانیشتوانەکەی لە ژێر کاریگەری زمانی داگیرکەردا بووە،کە ئەویش زمانی عەرەبی بووە،ئەمەش وای کردووە ناچاربن بە زمانی عەرەبی گفتوگۆ بکەن و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری بهێنن.

لەدوای ڕزگارکردنی ناوچەکە لەپرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ کاریگەری زمانە عەرەبییەکە ماوە بەسەریانەوە و لەگەڵ وشە و دەستەواژە کوردیەکاندا بەکاریدەهێنن.بەشێکی زۆری قسەپێکەرانی شێوەزارەکە بە شێوەزاری کەڵهوڕی قسەدەکەن.ئەم شێوەزارە یەکێکە لە شێوەزارەکانی زاری کرمانجی خواروو ،سنووری جوگرافی ئەم زارەش بریتیە لە ( خانەقین ، قەسرشرین ، سەرپێڵ ، کرماشان ، مەندەلی ، ئیلام ، بەدرە ، زەهاو ،...هتد).هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەم شێوەزارە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی ،یەکەمیان هۆکاری ئابورییە،هەلەمەرجی ئابوری و بازرگانی لە ناوچەی خانەقیندا بوونەتە فاکتەری سەرەکی دروستبوونی ئەم شێوەزارە ، هۆکاری دووەمیان هۆکاری جوگرافییە، ئەمەش بەهۆی پێگەی جوگرافی ناوچەکە و هاوسنووری لەگەڵ شێوەزارەکانی تردا کاریگەری و تێکەڵاوبوون و پەیوەندیکردنی قسەپێکەرانی ئەم شێوەزارانە لەگەڵ یەکتر بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم شێوەزارە.لە بارەی زاراوە و مێژووی شارەکەوە لە زۆر توێژینەوەدا باسکراوە ،بۆیە لەم توێژینەوەدا بەگرنگ و پێویستی نازانین زیاتری لەبارەوە بخەینەڕوو .

## 2/1)زار و شێوەزار

## چەمك و پێناسەی زار:

هەر لە سەردەمی کۆنەوە نەتەوەکان بەپێی ئاست ئاخاوتنی چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگا چەند زمانێکیان جیاکردۆتەوە ، بۆ یەکەمجار گریکەکان ( Dialectos )ئەم زاراوەیەیان بەکارهێناوە و ئینگلیزەکانیش لەبری زاراوەی ( Dialectos )ی گریکی زاراوەی ( Dialect Standard )یان بەکارهێناوە.( عبدالمناف رەمەزان،10:2009).

لەزمانی کوردیدا بەرانبەر بە زاراوەی زار(زاراوە،بەش،بن،خوار،زار،لەهجە،دیالێکت،...هتد) بەکاردەهێنرێت،بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هەموو زاراوانە هیچ سوودێك بە زمانەکەمان و دەوڵەمەندکردنی ناگەیەنن،بەڵکو پێویستە تەنیا یەك زاراوە هەبێت بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێت ،لە زمانەکانی تردا وەکو زمانی ئینگلیزی زاراوەی ( Dialect ) و لە زمانی عەرەبی ( لەهجە ) و لە زمانی فارسی زاراوەی ( گویش )بەکاردەهێنرێت.(نەریمان خۆشناو،2016: 52). بەگشتی لە هەموو ئەو زاراوانەی هەیە زاراوەی ( زار ) بەگونجاو دەزانرێت لەلایەن زمانەوانان و قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە.

زمانی کۆمەڵگاکان بێگومان لەیەکتر جیاوازن،واتە زمان بەپێی ئەو کۆمەڵەیەی قسەی پێدەکەن بۆ زار و شێوەزار دابەشدەبێت،هەربۆیە ((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ئەنجامی گۆڕان و پیشکەوتنی کۆمەڵدا دەگۆڕێت و سنووری بەکارهێنانی فراوان دەبێت،بەملاوبەولای سنوورەکەدا پەلدەهاوێژێت و گەشەدەکات ،زمان بریتییە لە چالاکی بیری مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا ،بیری مرۆڤیش لەیەکتری جیاوازە))(ڕەفیق شوانی ،2001:66).زار بەشێکە لە زمان و هەر زمانێك لە کۆمەڵێك زار پێکدێت ،هەریەك لەو زارانەش خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی کە جیای دەکاتەوە لەوانی تر،هەموو زارەکانیش لە کۆمەڵێك سیفەتی زمانی و نەریتی ئاخاوتندا هاوبەشن،لە ئەنجامیشدا زمانێکی سەربەخۆ پێکدێنن ،هەربۆیە ئەگەر زمان نەبێت زار دروست نابێت و هیچ زمانێکیش بەبێ زار نابێت .( محەمەد حوسێن ئەحمەد،3:2016)،زمانناسان لە بارەی پێناسەکردنی زار ،هەریەکەیان بەپێی ڕوانگە و بۆچوونی تایبەتییەوە پێناسەیان کردوە ،بەو واتایەی لە کۆمەڵێ ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لە زار کۆڵراوەتەوە و پێناسەکراوە.لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ لە پێناسەکانی زار بخەینەڕوو:-

زمانەوانان بەم شێوەیە پێناسەی زار دەکەن،کە((شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لە نەتەوەیەکدا و ئەم شێوە لێدوان و قسەکردنەش هەرچەندە چەند تایبەتمەندییەکی دەنگسازی و وشەسازی هەیە ،بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو خەڵکە و پەیدابوونی دیاردەیەکی سروشتییە،چونکە لەبەر هۆیەکی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری لە قۆناغێکدا سەردەردەهێنێت و پەرەدەسێنێت)).( کامل حسن بصیر،43:1984).

زار : (( زار بوارێکی تەسکتر و پانتاییەکی سنووررداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە ،کە بە زمانە گشتییەکە قسەدەکەن )).(بەکر عومەر عەلی ،13:2007).

زار : (( بەو شێوە زمانە دەگوترێت،کە کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکدا بەکاریدەهێنن و هاوزمانەکانیش تیاندەگەن))(محمد معروف فتاح ،105:1990).

زار : (( زار بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن ،لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر ))( ڕەفیق شوانی ،66:2001).

زار : (( زار شێوەی جیاوازی ئاخاوتنە لە چوارچیوەی یەك زماندا ،کە دەبێتە تایبەتمەندییەك و بەهۆیەوە ئاخێوەرەکانی ناوچە جیاوازەکانی تاکە زمانێك لەیەکتر جیادەکرێتەوە )).( نەریمان خۆشناو ،56:2016).

کەواتە دەکرێت بڵێین زار کۆی هەموو ئەو جیاوازییانەیە کە لە شێوەی لێدوان و ئاخاوتنی کۆمەڵە خەڵکێکدا هەیە لە نەتەوەیەکدا لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی تری هەمان نەتەوە بەجۆرێک ((ئەم تێکەڵەبونی پێکهاتەیە بوەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دیاریدەی زمانی جیاواز))(سلام

رحیم،خۆشناوعزیز،سوزان کریم،188:2024) ئەو جیاوازیەش لە زارە پیشەکاندا ڕەنگی داوەتەوە،کە هەریەك لەو زاراوانە تایبەتمەندی دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازی خۆی هەیە،لە هەمان کاتیشدا بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو خەڵکە و پەیدابوونی دیاردەیەکی سروشتییە.

چەمك و پێناسەی شێوەزار:

شێوەزار ( Sub-dialect )ئەو وشە و دەربڕینە تایبەتانەیە کە پەیوەستە بە ناوچەیەکی دیاریکراو لە زارێك لە زارەکانی زمانێك ،کە لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە دەناسرێنەوە .لە شێوەزاریش سروشتێکی خۆجێی یان هەرێمی هەیە ،لە بەرانبەریشدا زاراوەی زار هەیە کە مەبەست لێی شێوەیەکی زمانییە لە زمانی دایکەوە هەڵقوڵاوە و کۆمەڵە خەسڵەتێکی دەنگی و ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە(سەلام ڕەحیم ڕەشید،9:2016)یاخود زار (( ڕێبازی قسەکەرانی زمانێکە لە ناوچەیەکی جوگرافی یان کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری ،ئەوەش دەگەیەنێ،کە زار جوگرافییە یان کۆمەڵایەتییە))(فەریدون عەبدول محەمەد ، ئەبوبوکر عومەر قادر ،123:2010)

هەربۆیە زار شێوەی جیاوازی ئاخاوتنە لە چوارچێوەی یەك زماندا ،کە دەبێتە تایبەتمەندییەك و بەهۆیەوە تاکەکانی ناوچە جیاوازەکانی ئەو زمانە لەیەکتر جیادەکاتەوە ،کەواتە زار بوارەکەی تەسکترە لە زمان و پانتاییەکی سنووورداری ئەو نەتەوە دەگرێتەوە کە بە زمانە گشتییەکە دەدوێن،بەڵام شێوەزار زیاتر تایبەتە بە وشە و دەربڕینی کەسێك لە ناەچەیەکی دیاریکراو لە زاری زمانێك .هۆکاری سەرهەڵدانی زار و شێوەزار بەو گۆڕانکاریانەوە بەستراونەتەوە ،کە بەپێی تێپەڕبوونی کات بەسەر زماندا دێن و بەهۆی چەند هۆکارێکی سروشتی یان مرۆیی ،گۆڕان بەسەر زماندا دێت و دەبێتە هۆی دابەشبوونی زمان بۆ زار و زاریش بۆ شێوەزار ،بۆیە شێوازی ئاخاوتنی تاکێك لە کۆمەڵگەیەکی بچوکدا و هەبوونی چەند سیفەتێکی هاوبەش چ بەهۆی پیشە یان تەمەن یان ڕەگەز یاخود چینی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵێ گەورەتر پێکدەهێنن و بە شێوازی ئاخاوتنەکەیان دەگوترێت شێوەزار،لە ناوچەیەکی گەورەتری جوگرافی ،چەند شێوەزارێك لەنێو سنوورێکی جوگرافی هاوبەشدا زارێك پێکدەهێنن و لە کۆی چەند زارێکیش زمانێك دروست دەبێت ،کەواتە بەگشتی پەیوەندی نیوان شێوەزار و زار پەیوەندییەکی تەواوکارییە ،چونکە تاوەکو زار نەبێت شێوەزار دروست نابێت ،بە چەند شێوەزارێکیش زار پێکدەهێنن. بڕوانە ئەم هێڵکارییە (1)

زمـــان

↓

زار

↓

شێوەزار

↓

شێوازی ئاخاوتنی تاك

( ئیدیۆلێکت )

1/2/1)هۆیەکانی دروستبوونی زار:

زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەندە بە کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە بۆ پەیوەندیکردن و بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانە بەکاردێت،لەگەڵ ئەوەشدا بە تێپەڕبوونی کات گۆرانکاری بەسەردادێت،هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگادا زمانیش پێشدەکەوێت و دەگۆڕێت،هەروەها سنووری بەکارهێنانیان زمان زیاتر و فراوان دەبێت.(( زمانەکانی جیهان لە ژمارەی زارەکانیدا

وەکو یەك نین ،لەبەرئەوەی هەر زمانە و بارودۆخێکی تایبەتی هەیە ،بەهەمان شێوە لە هۆکارەکانی پەیدابوون و دابەشبوونی زارەکانیش وەکو یەك نین)).(بەکر عومەر و شێرکۆ حەمەامین ،20:2006).هەروەها بوونی زار لە زماندا هۆی دەوڵەمەندیی زمانە،بەمەرجێك زارەکانی هەموویان یەك ئاڕاستە بگرنەبەر و بچنە ناو زمانەکەوە و هەر زارێك بەگوێرەی پێویست کەلێنێك بگرێ و هێزێك بە زمانەکە ببەخشێت.(ڕابەر کاکەڕەش سەیدمینە،همزە حسین حمە،174:2022).

پەیدابوون و دروستبوونی زار لە زمانانی جیهاندا دیاردەیەکی سروشتییە،بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە جیاوازی نێوانیانیش لە قەبارەدایە،ئەویش زمان لە زار گەورەترە ،چونکە ئەوەی زۆرترین ژمارەی یەکە زمانییەکان لەخۆدەگرێت ،بەڵام زار لە ڕووی قەبارە و چەشنەوە بچوکترە .(سروە بەکر عەزیز،3:2017)،دیارە زۆربوونی زار لە هەر زمانێکدا بێت دیاردەیەکی سروشتی زمانە و نیشانەی زیندویەتی ئەو زمانەیە ،کەواتە بوونی زار لە زماندا دەبیتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان بۆ نمونە ((لە زاری خواروو شێوەزاری خانەقین ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی - ئەسەنیمنەیانەو)) (ژینۆ بختیار هاشم، عاتف عبداللە فرهادی،188:2024 )کۆمەڵێک یەکەی زمانی وەکو (مۆرفیمی کات ، ڕەگ ،ج.ن.لکاوی بکەری، ج.ن.لکاوی بەرکاری، پاشگری دوپاتکرنەوە)ی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە کە بوەتە هۆی دەوڵەمەندی زمانی کوردی بەگشتی و شێوەزاری خانەقین بەتایبەتی .هۆکاری دروستبوونی زار لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازی هەیە ،بەشێوەیەکی گشتی دروستبوونی زار لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك ،لەوانە :-

## أ- هۆکارەکانی دروستبونی زار بەگشتی

### 1- هۆکاری جوگرافی:

یەکێك لەو هۆکارانەی ،کە دەبێتەهۆی دروستبوونی زار لە زماندا،هۆکاری جوگرافییە،لەبەرئەوەی جیاوازی سروشت و هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکان ،زمانیش جیاواز دەکات،هەرچەندە کاتیش بەسەریدا تێپەڕبێت ئەو جیاوازییە زیاتر و قوڵتر دەبێتەوە ،تا ئەو ڕادەیەی کەلەیك ناچن ،بەمەش شێوەی جیاوازی ئاخاوتن لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەبینرێت،بەهۆی ژینگەی جیاوازەوە بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی نیشتەجێی ناوچەیەکی سەختی جوگرافین ،بەهۆی سەختی ناوچەکەیانەوە نەیانتوانیوە زۆر تێکەڵاوی ناوچە جوگرافیاکانی دەوروبەریان بکەن ، بەمەش زارەکەیان پارێزراو بووەو نەکەوتوتە ژێر کاریگەری زارەکانی ترەوە ،یاخود دابەشبوونی نەتەوەیەك بۆ چەند ناوچەی جوگرافی لەیەکدابڕاو و بوونە ژێردەستەی چەند نەتەوەیەکی جیاواز و نەبوونی پەیوەندی لەنێوانیان دەبێتەهۆی پەیدابوونی وشە و دەربڕینی نوێ و جیاواز لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر .(نیعمەت عەلی سایە ،3:2004)،ئەکرێت بڵێین لە ئەمڕۆدا کە سەردەم پێشکەوتووە و بەهۆی ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیاوە بە فاکتەری سەرەکی دروستبوونی زار دانانرێت.

### 2- هۆکاری سیاسیی:

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی دروستبوونی زار هۆکاری سیاسییە،بێگومان باری سیاسی وادەکات نەتەوەیەك یان زارێك لەنێو ئەوی تردا بتوێتەوە ،چونکە تەنیا گرنگی بە زاری ناوچەی باڵادەست لە سیاسەت دەدرێت و زاری ناوچەی ژێر دەسەڵات بەلاوە دەنرێت.واتە زۆرجار دەسەڵاتی ناوچەگەری زارێك بەسەر زارێکی دیکەدا زاڵدەکردو یاخود تێکەڵاوکردنی دوو زاری جیاواز دەبووە هۆی دروستبوونی زارێکی نوێ .هەندێجار فراوانبوونی سنووری جوگرافی وڵاتێك و زۆربوونی ناوچەکانی جیاوازی گەلەکانی ژێردەسەڵاتەکەی ،دەبێتەهۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی مەڵبەندی دەوڵەتەکەی ،بەسەر ناوچەکانی ترەوە ،ئەمەش دەبێتەهۆی پارچەبوون و

دابڕانی ناوچەکانی وڵاتەکە بەم شێوەیە ڕێگە بۆ پەیدابوونی زار خۆشدەبێت.هەربۆیە بارودۆخی سیاسی گەورەترین فاکتەرە لەم مەیدانەدا،لەبەرئەوەی ئەو نەتەوانەی سەربەخۆن و ژێردەستە نیندەرفەتی پەیدابوونی زار لە زمانەکەیاندا کەمە،تاوەکو ئەو نەتەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری و ژێردەستەن.(نیعمەت عەلی سایە،4:2004).

3- هۆکاری ئابوری:

جیاوازی باری ئابوری لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ،بێگومان فرەچەشنی زارەکانی لێدەبێتەوە ،چونکە لەو جێگایانەی کە بازرگان و کڕیارەکانی تێدا کۆدەبنەوە،هەموو جۆرە زارێك تێکەڵ بە یەکدی دەبن . لەبەرئەوەی هەر جۆرە چین و توێژ و کۆمەڵە خەڵکێکی هاوکار و هاوپیشە دیالێکتیکی تایبەتییان بۆ دروستدەبێت ،هەربۆیە هەر پیشەیەك وشە و زاراوە و دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە.(نەریمان خۆشناو،68:2016).لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە جموجۆڵی بازرگانی زۆری تێدایە ،کە خەڵکێکی زۆر ڕووی تێدەکەن بەمەبەستی بازرگانی ،بەوهۆیەوە ناچار دەبن فێری ئەو ئەو زارە بن کە کارەکانیان پێ بەڕێوەدەبەن ،ئەمەش بۆ ئاسانکردنی مامەڵەکردنیان و بەو زارە ئاشنا دەبن ،بەم شێوەیە ئەو زارە گەشە دەکات و فراوان دەبێت.

4- هۆکاری کۆمەڵایەتی:

ئەم هۆکارە پەیوەندی بە نەریت و خووڕەوشتی ناو کۆمەڵگە و چینەکانی ناو کۆمەڵگەوە هەیە.لەبەرئەوەی چینەکانی ناو کۆمەڵگە لە رووی دابونەریت و ئەندازەی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەیان جیاوازە،ئەم جیاوازییەش وادەکات زارەکان لەیەك جودابینەوە.(سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا،73:2021)،پاشان ڕێژەی ڕۆشنبیرەکان لە ناوچەیەك جیاواز دەبێت و بەمەش جیاوازی دروستدەکات لە زارەکاندا .ئەگەر باس لە زاری ڕەگەزیش بکەین ،بێگومان ئەمیش هۆکارە بۆ دروستبوونی زاری نوێ،ئەمەش پەیوەستە بەلایەنی ڕۆشنبیری تاك و کۆمەڵگاوە،چونکە هەرچەندە ئاستی ڕۆشنبیری بەرزبێت،جیاوازی نێوان ئاخاوتنی هەردوو ڕەگەز کەمتردەبێتەوە ،هەروەها هۆکار ئاینی ڕۆڵی خۆی لە دروستکردنی زاری جیاواز دەبینێت،لەبەرئەوەی هەر ناوچەیەك ئاینزای تایبەت بەخۆی هەیە،هەروەها لەلایەن هەریەکە لە پەیڕەویکەرانی ئەو ئاینە خاوەن کۆمەڵێك وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆیانن و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگۆڕێت،بەمەش وادەکات جیاوازی لە نێوان زارەکان دروست بێت.

5- هۆکاری کەسیی:

جیاوازی قسەکردن و تایبەتێکی کەسایەتی مرۆڤ وادەکات ،کە هەڵسوکەوتی مرۆڤێك بێت لە هەڵسوکەوتی مرۆڤێکی تر ،ئەمەش لە قسەکردندا دەردەکەوێت ،بەپێی ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەردەکەوێت کە دەنگ و شێواز و قسەکردنی کەسێك لە دەنگ و دەربڕین و شێواز و ئاخاوتنی کەسێکی تر جیاوازە و ئەم جیاوازییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێتەوە.(ڕەفیق شوانی ،68:2001) ،ئەمەش زاری تری لێدەکەوێتەوە ،کەواتە جیاوازی دەربڕینی تاکەکان بەتێپەڕبوونی کات دەبێتەهۆی گەشەکردن یان دروستبوونی زاری تر .

ب- هۆکارەکانی دروستبونی زاری پیشەیی

پێکهاتنی زاراوە پیشەییەکان (کە پێی دەوترێت تۆماری پیشەیی، زاراوە، یان سۆسیۆلێکت) لە تێکەڵەیەک لە هۆکارە کۆمەڵایەتی، کارایی و مەعریفیەکانەوە سەرهەڵدەدات. لە خوارەوە شیکاریی بۆ هۆکارەکان دەخەینەڕوو :

١- زانیاری و وردبینی تایبەتمەندیی :-

پێویستە پیشەکان بە وردبینیەوە تەکنیکی زاراوەی ناوازە پەرەپێدەدەن بۆ وەسفکردنی چەمکە ئاڵۆزەکان بە شێوەیەکی کارا (بۆ نموونە، "متاستازیس" لە پزیشکیدا،کە مەبەست لە بڵاوبوونەوەی شێرپەنجە ئەمەش کار بۆ نەهێشتنی ناڕوونی زمانی ستاندارده هەروەها تایبەتمەندی بۆ ئەرکە تایبەتەکان دێنێتە کایەوە ئەمەش هاندەری زاراوەیە بۆ کەمکردنەوەی هەڵەکان.

٢- ناسنامەی کۆمەڵایەتی و یەکگرتوویی گروپ

پەیوەندی لەناو گروپدا زاراوەی هاوبەش هاودەنگی و ناسنامەی پیشەیی پێ پەروەردە دەکات (بۆ نموونە، کورتکراوەی سەربازی وەک.("SNAFU" بە واتای سنوورە ئیستسنائیەکان) زاراوە وەک ئامرازێکی دەروازەپارێز کاردەکات، کەسانی ناوخۆیی (شارەزا) لە کەسانی دەرەوە(تازەکاران یان خەڵک) جیادەکاتەوە.

٣- پەرەسەندنی کلتوری و مێژوویی پیشەکان

زاراوەی میراتی پراکتیزە مێژووییەکان زاراوەکان دەخەنە ناوەوە تەنانەت ئەگەر بەسەرچوویش بن بەنمونە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا کۆمەڵێک ئامێر و ئامرازی گرنگ بۆ پیشەی پزیشکی هاتونەتە ئاراوە ناچار لەبواری پیشەی پزیشکیدا ناوی ئەو ئامێرانە فێربن و شارەزابن وەکو سۆنەر یا ئیم ئار ئای(MRI ) ...هتد

٤- پاراستنی نهێنی پیشەیی

هەندێک پیشە (وەک پزیشکی یان یاسا) زاراوە بەکاردەهێنن بۆ پاراستنی زانیاری یان بەرزکردنەوەی پیشەیی لە نێوان ئەندامانی گروپەکەی خۆیاندا

٥- بەهێزکردنی دامەزراوەیی

بۆ نمونە مامۆستا و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی کۆمەڵێک وشە و دەستە واژە بەکار دێنن لە ناوەندەکانی پەروەردە دا تایبەتن بە پەروەردە و قوتابخانە پیشەییەکان و بڕوانامەکان زاراوە ستانداردەکانیان وشەی کیوز ،هەڵسەنگاندن ، نمرە، ... هتد ئەمەش وادەکات دامەزراوەکە بەهێزبێت لە ڕوی پێویستی بە وشە و دەربڕاوە تایبەتمەندەکانی بوارەکە.(بڕوانە: Charles A. Ferguson: 337-339 )

2/2/1)جۆرەکانی زار:

ئەو گۆڕانكاریانەی كە بەتێپەڕبوونی كات بەسەر زماندا دێت،بەهۆی چەند فاكتەرێكەوەیە جا چ سروشتی بێت یان مرۆیی ،گۆڕان بەسەر زماندا دێت و دەبێتە هۆی دابەشبوونی زمان بۆ زار و زاریش بۆ شێوەزار .هۆكاری سەرەكی دابەشبوونی زمان بۆ چەند زارێك دەگەڕێتەوە بۆ دابەشبوونی زمان بۆ سەر چەند زارێكی ناوچەیی ،كە هەر زارێك كۆمەڵێك كەسی ناوچە جیاواز پێی بدوێت زاری جوگرافی پێكدەهێنێت.هەروەها دابەشبوونی زمان بۆ زاری كۆمەڵایەتی ،كە هەر جۆرێك لەو زارە كۆمەڵایەتیانە ،كۆمەڵێك لە چینی تایبەتی نێو كۆمەڵگا پێی بدوێت،بەم پێیەش دەتوانین جۆرەكانی زار دابەشبكەین بەسەر :-

ا- زاری جوگرافی ب- زاری كۆمەڵایەتی

## ا- زاری جوگرافی:

ئەو زارەیە كە لەسەر دابەشبوونی جوگرافی دەستنیشاندەكرێت،بەهۆی بڵاوبوونەوەی خەڵكی لە چوارچێوەیەكی جوگرافی فراواندا،كەلێنێكی گەورە لە نێوان زارە جۆراوجۆرەكاندا دروستدەبێت،هەرچەندە ماوەی نێوان قسەكەرانی یەك زمان زیادبكات،ئەوا ژمارەی زارەكانی ئەو زمانە زیاتر دەبێت ، لە هەمان كاتیشدا جیاوازی نێوان ئەم زاراوانە پتر دەبێت ،جا ئەو زارانەی كە لە مەودای شوێنەوە سەرهەڵدەدەن ،زاری جوگرافی یان زاری هەرێمی ناو دەبرێت .(سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو،72:2010).هۆكاری سەرەكی دابەشبوونی زمان بۆ چەند زارێك دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی زمان بۆ ناوچەی جوگرافی فراوان و بەكارهێنانی لەلایەن كۆمەڵێكی زۆرتر لە ئاخێوەران لە خێڵ و هۆزی جیاواز .هەریەكە لەمانە بەپێی سروشتی جوگرافی ناوچەكە كۆمەڵێك وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە،بۆ نمونە زارێك لە جوگرافیایەكی سروشتی سەخت بێت بەئاسانی هاتوچۆی تێدانەكرێت و تێكەڵاوی ڕوونەدات ،ئەوا ئەو زارە كەمتر كاریگەری زارەكانی تری لەسەر دەبێت و لە ململانێی زارەكانی تر پارێزراو دەبێت.

## ب- زاری كۆمەڵایەتی:

یەكێكی تر لە زارەكانی زمانێك ،زاری كۆمەڵایەتییە،تەنها فاكتەری جوگرافی هۆكار نییە بۆ پۆلێنكردنی زارەكان ،بەڵكو باری كۆمەڵایەتی كە ( ڕەگەز ، تەمەن ، پیشە ،...هتد )دەگرێتەوە ،هۆكاری گرنگن بۆ پۆلێنكردنی چەند جۆرە زارێكی تر ،ئەم جۆرە زارە زیاتر پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری و لایەنی نەتەوەییەوە هەیە،واتە بەگوێرەی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری كەسێك لەگەڵ كەسانێكی تر جیاوازی لە نێوان ئاخاوتنیان دەبێت.یاخود زاری كۆمەڵایەتی ئاماژە بەو جیاوازییە وشەسازی و ڕێزمان و ڕستەسازییە دەكات ،كە لەلایەن گرووپێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو بەكاردەهێنرێت ،ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە كە چۆن پاشخانی كۆمەڵایەتی مرۆڤ كاریگەری لەسەر شێوازی بەكارهێنانی زمان هەیە،هەریەكە لەم بارانە ،ئاستی خوێندن ،ڕەگەز،تەمەن،پیشە زارە كۆمەڵایەتییەكان لەقاڵب دەدات.( Brainscape:2024:17,Retorika,2015:2).

بەگشتی زارە كۆمەڵایەتییەكان هەموو ئەو جیاوازییە دەگرێتەوە،كە لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵدا بەدیدەكرێت،بەم پێیەش دەتوانین شوناسی ئاخێوەر بزانین ،واتە دەتوانرێت ئەوە دیاریبكرێت ،كە ئاخێوەر سەر بە چینێكی كۆمەڵیەتییە و ئاستی ڕۆشنبیری و تەمەنی چەندە ،كەواتە بۆ تێگەیشتن و لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ئەندامانی كۆمەڵدا هەیە لە ڕووی ئاخاوتنەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ زارە كۆمەڵایەتیەكان و لەو چوارچێوەدا لێكۆڵینەوەی لەسەربكەین .(بكر عومەر علی و شێركۆ حەمە امین،22:2006).بەگشتی زارە كۆمەڵایەتیەكانیش ئەم زاراوانە دەگرێتەوە ( زاری پیشەیی ، زاری تەمەنی ، زاری ڕەگەزی ،

زاری ئازاد ، زاری لادێ و شار ، زاری ڕەچەڵەکی ، زاری پەتی ، زاری کاتی )ئەم زارانە دەکرێت هەریەکەیان بەشیوەزار ناوببەین،لەو ڕووەوە ،کە بە قەد زار فراوان نین و ژمارەی ئاخێوەرانی هەر جۆرێکیان بە قەد ژمارەی سەرجەمی ئاخێوەرانی زارێك نابێت ،چونکە بەکۆی هەموویانەوە زارێك پێکدەهێنن،واتە لە شێوەزارێکی جوگرافیدا هەموو ئەم زارە کۆمەڵایەتییانە هەن ،بۆیە ئاساییە بە هەریەك لەم زارە کۆمەڵایەتییانە بگوترێت شێوەزار.لێرەدا بە کورتی باس لە چەند جۆرێك لە زارە کۆمەڵایەتیەکان دەکەین و ئەوەی زیاتر سەرنجی دەخەینە سەر زاری پیشەییە .

## جیاوازی زاری جوگرافی و زاری کۆمەڵایەتی:

بە چەند خاڵێك جیاوازی نێوان هەر دوو زارەکە دەخەینەڕوو:-

1- بنەمای دروستبوونی زاری جوگرافی شوێنێکی دیاریکراوی هەیە،زاری کۆمەڵایەتی بنەمای دروستبوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە .

2- بەهۆی زاری جوگرافیاوە شوێنی قسەکەر دەزانرێت ، بەڵام بەهۆی زاری کۆمەڵایەتیەوە پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دەزانرێت.

3- سنووری بەکارهێنانی زاری جوگرافیای فراوانەوە هەندێ جار بەشی هەرە زۆری وڵاتەکە دەگرێتەوە،بەڵام زاری کۆمەڵایەتی سنووری بەکارهێنانی لە نێوان چین و توێژێکی دیاریکراودایە.

4- ناسینەوەی زاری جوگرافی کارێکی ئاسانە ،بەڵام دیاریکردن و ناسینەوەی زاری کۆمەڵایەتی ئاسان نییە،چونکە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان چوون بەناو یەکدا لە گۆڕاندان.

5- دەگونجێت زاری جوگرافیایی ببێتە بنەمای دروستبوونی زمانی ستاندارد ،بەڵام زاری کۆمەڵایەتی ئەو بنەمایەی تێدا نییە(بەکر عومەر عەلی ،شێرکۆ حەمەئەمین قادر،66:2007).

## 1/2)جۆرەکانی زاری کۆمەڵایەتی

پێش ئەوەی باسی زاری پیشەیی بکەین وەکو یەکێك لە جۆرەکانی زاری کۆمەڵایەتی ،بەگرنگی دەزانین بەکورتی جۆرەکانی تری زاری کۆمەڵایەتی بخەینەڕوو:

زاری ڕەگەزی

1- زاری ڕەگەزی :

مەبەست لەم جۆرە زارە جیاکردنەوەی تایبەتمەندی ئاخاوتنە لای هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ،ئاشکرایە کە ئاخاوتنی پیاو جیاوازە لە ئاخاوتنی ئافرەت و هەریەکەیان خاوەن دەربڕین و شێوازی تایبەت بە خۆیانن ،واتە وشە و زاراوەی تایبەت بە یەکتری بەکاردەهێنن.هەروەها ئەم جیاوازی دەربڕینە لە هەموو زمانەکاندا هەیە ،واتە جیاوازی لە نێوان قسەکردنی ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ تەنها تایبەت نییە بە یەك زمان بەڵکو هەموو زمانەکان دەگرێتەوە.(شیلان ڕحیم ابراهیم،22:2004)،بۆ نمونە :

ڕەگەزی نێر ← مناڵەگەیان فەرە شەڕانی و زوان دریژە.
ڕەگەزی مێ ← مناڵەگەیان فەرە ناز وەپیدانە

1- زاری تەمەن :

مەبەست لەم جۆرە زارە ،جیاوازی ئاخاوتنی تاکەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە بەپێی قۆناغەکانی گەورەبوون و چوونە تەمەنەوە،یاخود جیاوازی ئاخاوتنی منداڵ لەگەڵ کەسێکی هەرزەکار و پێگەیشتوو یاخود بە تەمەن دەگرێتەوە ، بێگومان هەموو تەمەنێك وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە و بەکاردەهێنرێت ،بە واتایەکی تر مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدا شێوازی دەربڕینی و بەکارهێنانی وشەکانی کەموکورتی تێدا دەبینرێت و فەرهەنگی تایبەت بەخۆی هەیە ،تاوەکو گەورەتر بێت فەرهەنگی زمانی فراوان و جیاواز دەبێت.(نەریمان خۆشناو،56:2014).ئەگەر سەرنجی ئەو وشە و دەربڕینانەی خوێندکارێك بدەین،کە لە قۆناغێکی بنەڕەتی دەخوێنێت لەگەڵ خوێندکارێك کە لە کۆلێژ دەخوێنێت ،دەبینین لە کاتی ئاخاوتناندا ئەو وشە و زاراوەیەی دەریدەبڕن جیاوازە لە یەکتر ،چونکە خوێندکاری کۆلێژ بەپێی تەمەن و ئاستی خوێندنەکەی زیاتر بە وشەی فەرمی و زمانی نوسراو قسەدەکات ،ئەمەش وا دەکات بەشی تەمەنی کەسەکان وشە و دەربڕینەکانیان جیاواز بێت.( Georgeyule,2024:259,J.k,1998:25) بۆ نمونە :

- منالەگان وازی هەلوکین کەن.
- براگەم وەیەکەو ئەرا سینەما بچیمن؟

2- زاری پەتی :

ئەمەش یەکێکە لە زارە کۆمەڵایەتیەکان ،بێگومان زاری ئەدەب و زانستە ،هەروەها ئەو زاراوەیە کە لە شوێنە فەرمییەکان و خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکاندا بەکاردەهێنرێت،قسە و ئاخاوتنی هەڕەمەکی تێدا نییە.هەروەها لە ڕووی هەڵبژاردنی وشە و لایەنە ڕێزمانییەکان جیاوازی هەیە لە زارەکانی تر .لەبەرئەوەی زمانی خوێندن و نووسینە ،ئەمەش وا دەکات هەندێك قورس بێت لەلای کەسانی نەخوێندەوار .بۆ نمونە:

- مودیرەگە کتابەگە بەرزەو کرد.
- دوێکە ماموساگان ئەرا کولیە هاتن.

3- زاری ئازاد:

زاری ئازاد یاخود هەڕەمەکی ، ئەم زارە لە کات و شوێنی نافەرمی و شوێنە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاردەهێنرێت ،هەروەها ڕۆژانە تاکەکانی کۆمەڵگە لە بازاڕ و ماڵدا وشە و ڕستەی سادە بەکاردەهێنن و بە ویستی خۆیان چیان پێخۆش بێت ئەوە دەڵێن و ئەیدرکێنن،بۆنمونە:-

- دوێتەگە قاپەگان شورد.
- کی ناو ماڵەگە پیس کردیە؟

4- زاری پیشەیی:

جۆرێکە لە زاری کۆمەڵایەتی ،چەند وشە و دەربڕینێك تایبەت بە پیشەیەك دەگرێتەوە ،هەر پیشەیەك زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە ،زاراوەی هەر پیشەیەك جیاوازە لە زارەوەی پیشەیەکی تر ،وشە و زاراوەی تایبەتی یەکتر بەکارناهێنن،واتە هەر پیشەیەك خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی خۆیەتی ،کە بەهۆیەوە لەگەڵ ئاخاوتنی پیشەکانی تر جیادەکرێنەوە ،بۆ نمونە ئەندازیارەکان زاراوەی وابەکاردەهێنن ،کە لە زاراوەی پزیشکیدا بەکارناهێنرێت،ئەو زاراوانەی تایبەت بە زاراوەی ئەندازیارین پەیوەندییان بە زاراوەی پیشەکانی ترەوە نییە .(نەریمان خۆشناو،60:2014).یاخود ئەو وشەو زاراوانەی لەلایەن هەر پیشەکارێکەوە بەکاردەهێنرێت بێگومان ڕەنگدانەوەی پیشە و کەسایەتی و ڕادەی ڕۆشنبیری ئەو پیشاندەدات.واتە جیاوازی

ئاخاوتنی کەسێك کە پیشەی مامۆستا بێت جیاوازە لە زاراوە و دەربڕینی پیشەیەکی تر مەبەست لەو جیاوازییە شێوازی دەربڕین و بەکارهێنانی وشەکانە ،کە تایبەتن بە کێڵگەی پیشەیی ،هەر پیشەکارێك بۆ گەیاندن و گوارشتکردن لە بیرۆکەکانیان هەڵیاندەبژێرن.( ئومێد بەرزان برزو،294:2020).هەروەها هەندێك لە پیشەکان زاراوەی هونەری بەکاردەهێنن و شێوازی قسەکردن و فەرهەنگە زمانییەکەی جیاوازە لە پیشەیەکی تر .( شاڵاو ساڵح حەمەغەریب،59:2017)،بۆیە زاری پیشەیی کۆمەڵێك وشە و زاراوەیە،هەڵگری ئەو چەمکانەن کە لەلایەن پیشەوەرەوە لە بوارێکی تایبەتی کاردا بەکارهێنرێت.(محمد خالد،35:2024)،هەروەها ئەم جۆرە زاراوەیە ئەوەمان پێ ناڵێت کە پیشەکار خەڵکی کوێیە و لە کوێوە هاتووە ،بەڵکو کار و پیشەی ئەوانمان پیشاندەدات.(سەربەست جیهاد،198:2020)کەواتە زاری پیشەیی بەهۆی باری کۆمەڵایەتی و پیشەی تاکەکەس کۆمەڵە کەسانێك لە شێوەی گروپی جیاجیا کۆدەکاتەوە و بەشێکە لە زاری کۆمەڵایەتی .ئەوەی جێی سەرنجە و پێویستە باسی بکەین ،کە تایبەتە بەم شێوەزارە ئەوەیە ،کە وشە و زاراوەی زمانەکانی وەکو ( فارسی ، عەرەبی ) لەلایەنی ئاخێوەرانەوە و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن ، ئەمەش وای کردوە ئەم شێوازارە تایبەت و جیاواز بێت لە زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی ،دیارە ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەری سیاسی و ئابوری بازرگانییەوە بووە.( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : نسرین نوری عەبدوڵڵا ،22:2016، سۆزان کەریم محەمەد ، 53:2021 )،بۆیە دەبینین زۆربەی ناوی پیشەکان عەرەبین و ئەو وشە و دەستەواژانەی کە تایبەتن بە پیشەیەکەوە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون و لەلایەن قسەپێکەرانی شێوەزارەکە بەکاردەهێنرێن .

## 2-1/2) گرنگی پیشە :

پیشە گرنگیەکی زۆری لە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگادا هەیە،ئەمەش وای کردووە ببێتە بەشێکە گەورە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ،چونکە پیشە ژیانێکی جێگیر و ویژدانێکی ئاسودە و ئارام بە تاك و کۆمەڵگا دەبەخشێت،ئەمە سەرەڕای ئەوەی بواری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی تاك لەگەڵ کەسانی تردا دەکات و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی وئابوری بەشێوەیەکی گشتی پیشاندەدات.دەتوانین بە چەند خاڵێك گرنگی پیشە بخەینەڕوو:

1- پیشە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژیانی تاك هەیە . دیارە بەشێوەی ئەرێنی اخود نەرێنی کاریگەری دەخاتە سەر زمانەکەی و شێوازێکی تایبەت بە زمانی ئاخاوتنی کەسەکان دەبەخشێت.
2- تاك لە هەر پیشەیەکدا شوێن و پلەوپایەی خۆی لەناو کۆمەڵدا دەدۆزێتەوە و شوێن پەنجەی لەناو کۆمەڵدا دیاردەبێت.
3- پیشە سەلیقە و توانای باش بە تاك دەبەخشێت بۆ گفتوگۆ و قسەکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەری ،لەهەمان کاتدا دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ گوێگرتن لە کەسانی ترو ئارەزووکردن بە نزیکبوونەوە و ڕاکێشانی سەرنجیان ،ئەمانە هەمووی کاریگەری لەسەر تاك دادەنێن.
4- کارکردنی هەر تاکێك لە کۆمەڵگادا بەهۆی جۆراوجۆری پیشەی جیاوازەوە ، کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە دەبات و کێشەی بێکاری لەنێودەبات.

## 3-1/2)جۆرەکانی پیشە و پۆلێنکردنیان:

زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا ڕۆژانە خەریکی ئەنجامدانی پیشەیەکی دیاریکراون ، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان ،کۆمەڵگاکانیش بەشێوەیەکی گشتی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان ،زۆربەی ئەندامەکانیان خاوەن کار و پیشەی خۆیان بن و بێکار نەبن ، بۆیە سەیری هەر کۆمەڵگایەك بکەین دەبینین چەندین پیشەی جیاواز و جۆراوجۆری تێدا دەبینینەوە بەپێی پێویستی کۆمەڵگاکان و جیاوازی توانا و پسپۆڕی تاکەکان .
شارەزایان ئەم پیشە جیاوازانەیان بەشێوەیەکی گشتی دابەشی دوو بەشی سەرەکی کردوە ئەوانیش ( پیشە فەرمییەکان ) و ( پیشە نافەرمییەکان ).

1- پیشە فەرمییەکان :
ئەم پیشەیە سەرجەم فەرمانبەران و مووچەخۆرانی میری دەگرێتەوە ،کە دەتونرێت بەپێی وەزارەت و فەرمانگەکان پۆلێن بکرێن ،وەکو ( وەزارەتی خوێندنی باڵا ، پەروەردە ، تەندروستی ، پێشمەرگە ، شارەوانی ، کارەبا ...،هتد)ئەمە وەك پۆلێنکردنێکی سەرەکی لەناو ئەم پۆلێنەشدا دەکرێت پۆلێنێکی لاوەکی و تایبەتی بکرێن ،بەپێی بڕوانامە و ناونیشانی پیشەکەیان ،وەك : پزیشك ، ئەندازیار ، مامۆستا ، دادوەر ، پۆلیس ،...هتد.
2- پیشە نافەرمییەکان :
ئەم پیشەیە سەرجەم پیشە ئازادەکان دەگرێنەوە کە مووچەخۆری میری نین و لە هیچ دەزگایەکی حکومەت کارناکەن و بەڵکو کاری ئازاد دەکەن و بژێوی خۆیان پەیدادەکەن ، وەك: بازرگان ، ئاسنگەر ، دوکاندار ، سەرتاش ، زێرنگەر ، بەرگدروو ، فیتەر ،...هتد. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێك نمونەی زاری پیشەیی چەند پیشەیەکی جیاواز لەم شێوەزارەدا بخەینەڕوو:-

1- زاری پیشەیی مامۆستا:
مامۆستا وەکو کەسانی پیشە جیاوازەکان چەند وشە و دەربڕینێك بەکاردەهێنێت وەکو (کورسی / ڕەحلە ، مستەرە ،ساقت ، ناجح ، سیمینار ،...هتد)
- تالیبەگان خاس نەخۆنستنە.
- قەلەم قرمز توام .
2- زاری پیشەیی دکتور /پزیشك :
لەنێو ئاخاوتنی ئەو کەسانەی پیشەیان پزیشکە چەند وشە و دەستەواژەی تایبەت بەکاردەهێنن.وەکو (دەرزی ،دەرمان /دەوا ، نەخوەش ،کانولا ،...هتد )
- نەخوەشەگە دەواگانی نەخواردبی .
- دکتۆرەگە دویر ئەرا عەیادەگەی هات.

3- زاری پیشەیی ئاڵتوینفروش / زێرنگەر
لە ئاخاوتنی کەسی زێڕنگەردا کۆمەڵێك وشە و زاراوەی تایبەت بە پیشەکەیان هەیە ،وەکو ( عەیار ، مسقال ، حەبە ، سەنت ، زاخاو ،...هتد)
- ئاڵتوین عەیار بیست و یەك بسینە.
- کلوانك عەیار چەن سەندیت؟

4- زاری پیشەی موهەندیس / ئەندازیار
ئەو کەسانەی ئەندازیارن خاوەنی کۆمەڵێك وشە و دەستەواژەی تایبەت بە پیشەکەیانن ،وەکو( مەساحە ، دریژی ، پانی ،گەورا ، قیاس ،مەتر ، کیلومەتر ، شوقە ، خەلیتە،...هتد)

- ئەی شوقە چەن مەترە ؟
- ماڵەگە گەورا دروسکریاس .

5- زاری پیشەیی حەداد / ئاسنگەر
ئاسنگەر ئەو کەسەیە کە لە ڕێگەی کەرەستەیەکی وەکو ئاسن کۆمەڵێك کار ئەنجامدەدات ،ئەو وشانەش کە ئاسنگەرێك بەکاریدەهێنێت ،وەکو( ئاسن ، چەکوش ، ئاگر ، لەحیم ، پلێت ،لەوحە ،...هتد)

- ئاسنەگە لازمە خاس بوکتیدەی .
- چەکوشەگە لە کو بدوینمەو؟

6- زاری پیشەیی قەساو/گۆشتفرۆش
قەساب یان گۆشتفرۆش پیشەیەکی کۆنە لەگەڵ سەرهەڵدانی ژیان و دروستبوونی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان سەریهەڵداوە ،بەڵام بەشێوازێکی جودا.(بکر عومەر علی :2015:111)،لێرەدا قەساب کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە بەپێی بواری پیشەکەی بەکاردەهێنێت ،وەکو ( گۆشت ، چەوری ، تەختە ، تەور / مشار ، کیلو ،...هتد)

- من ڕانیگ بیپیم توام.
- قەساوەگە گوشت خاس دیرد.

7- زاری پیشەیی محامی /دادوەر
دادوەری یەکێکە لەو پیشە قورسانەی کە بەرپرسیارێتیکی زۆر دەکەوێتەسەر و بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێکدا دەکات .دادوەریش بە کۆمەڵێك وشە و دەربڕینەوە دەناسرێت ،وەکو( تاوانبار ، کەفالەت ، قەرار/بڕیار ، سجن ، مادده ، ڕەقەم / ژمارە ،...هتد)

- تاوانبارەگە سجن کریەد.
- دزەگە وەکەفالەت ئازادبووی.

8- زاری پیشەیی مصور / وێنەگر:
پیشەی وێنەگری لە کۆنەوە تا ئێستا گۆڕانکاری باشی بەخۆیەوە بینیوە ،بێگومان بەهۆی وێنەوە ئێمە دەتوانین یادگارییەکانمان تۆماربکەین و بیهێلینەوە ،کەسی وێنەگریش بەهەمان شێوەی پیشەکانی تر کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە بەکاردەهێنێت ،وەکو ( ملەوەن/ڕەنگاوڕەنگ ، قالب/چوارچێوە ، فلاش ، کامیرا ، دیزاین ، ئەلبوم،...هتد)

- ڕەسمگرەگە ڕەسم جوان ئەرامان گرد.
- ڕەسمەگەت توای چوین بوود ؟

9- زاری پیشەیی سایەق / شۆفێر:

شۆفێر بەو کەسە دەوترێت کە پیشەکەی کاری لێخوڕینی جۆرێك لە جۆرەکانی ئامێرەکانی گواستنەوە و گەیاندنە،شۆفێریش کۆمەڵێك وشە و دەستەواژەی تایبەت بە کارەکەی بەکاردەهێنێت ،وەکو ( سەیارە / ئۆتۆمبێل ، هیواش ، کرێ ، کیلومەتر ، سیباق ،سەریع / خێرا ،...هتد)

- سایەقەگە زوی ڕەسانەم.
- سەیارەگە تایەگەی تەقی بووی.

10- زاری پیشەیی نانەوا:

پیشەی نانەوایی کە پیاو و ژن ئەنجامی دەدەن،لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە دەستواژەی تایبەت بە پیشەکەیان بەکاردەهێنن ،وەکو ( خەویر / هەویر، گونك ، عەجانە ، تەنویر ، ئارد ، ساج ، تەیشت ،...هتد)

- خەویرەگە دیر هەڵهات.
- نانەگەد فەرە جوانە.

11- زاری پیشەیی حەلاق / سەرتاش:

سەرتاش یاخود دەلاك بەو کەسانە دەوترێت کە کار لەسەر شێوازی بڕین و کورتکردنەوەی قژ دەکەن ،ئەو وشانەی لەم پیشەدا بەکاردێن زیاتر بریتین لە ( مقەس ، مەکینە ، ڤێر ، گەس / بڕین ، سبوخ ، شانە ، ستایل ،...هتد)

- براگەم قژت وە چ ستایلی توای ؟
- ڤێر قژەگەد لە هویر نەچد.

12- زاری پیشەیی نجار / دارتاش:

پیشەی دارتاشی بەهەمان شێوەی پیشەکنی تر کۆمەڵێك وشە و دەستەواژەی تایبەت بەخۆی هەیە ،وەکو ( تەختە ، مەکینە ، مشار ، کلیل ، نەخش ، کوالێت ،...هتد)

- دارتاشەگە کەوانتەر جوان دروسکەد .
- قاپیگە تەختەگەی چوین بوود؟

13- زاری پیشەیی خەیات /بەرگدور

ئەم پیشەیەش بەهەمان شێوە مێژوویەکی کۆنی هەیە،پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەوە و یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکییەکانی مرۆڤ.کۆمەڵێك وشە و دەربرین هەیە کە تایبەتە بە پیشەی خەیاتی ،وەکو ( دەرزی ، مقەس ، مەچیر/تیرە ، بەکرە ، قوماش / پارچە ، مەتر ، ئۆیە ، نەقش،...هتد)

- دەرزی مەکینەگە وەدەسمەو شکیا.
- کراسەگە چەن مەتر بووی؟

14- زاری پیشەیی بەقاڵ/میوەفرۆش

ئەو کەسانەی کە ئەم پیشەیەیان هەیە و بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانی پێ پەیدادەکەن ،کۆمەڵێك وشە و دەستەواژەی تایبەت بە پیشەکەی خۆیان بەکاردەهێنن و سەرنجی دەوروبەر

و كڕیاران بۆ لای خۆیان ڕادەكێشن .وەكو ( میوە ،سەوزەوات ، ناسك ، جوان ، كیلو ، هەرزان ، هەڕاج ، تازە ،...هتد)

- بەقاڵەگە میوەی جوان هاوردبی.
- چەن كیلو سیف تواید؟

15- زاری پیشەیی جوتیار

جوتیاریش بەهەمان شێوە بەهۆی پیشەكەیەوە و جیاواز لە پیشەكانی تر ،كۆمەڵێك وشە و دەستەواژەی تایبەت بە كارەكەی بەكاردەهێنیت ،وەكو ( كیڵان ، تۆم ، جفت ، خەرمان ، درەو ، گاسن ، زەوی ، ئاودان ،...هتد)

- جوتیارەگە زەویەگە جفت كرد.
- ئازاد زەوی فەرە داشت .

بەشێوەیەكی گشتی لەم نموونانەدا بۆمان دەردەكەوێت ،كە وشە و زاراوەی هەریەك لە پیشەكان لەگەڵ یەكتردا جیاوازە و بەهۆی بوونی تایبەتمەندی و هەندێك پێویستی سەرەكی لە هەر پیشەیەكدا.هەر پیشەیەك كۆمەڵێك زانیاری و بیرۆكەی تیۆری پێكدەهینن ، هەر پیشەیەك پشت بە چالاكی هزری و جەستەیی دەبەستێت ، هەروەها سەرجەم پیشەكاران زانیاری تەواو تایبەتمەندییان لەسەر پیشەكە هەیە واتە تەنها شارەزایی بەس نییە بەڵكو پێویستی بە زانیاری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر پیشەكارێك جگە لە زمانەكەی بەهۆی ڕەفتار و هەڵسوكەوتی تایبەت بە پیشەكەیەوە دەناسرێت،بۆیە هەریەكە لەو پیشانەی ئاماژەمان پێدا زاراوەی تایبەت بەخۆیان لەم شێوەزارەدا هەیە و هەندێك لە پیشەكان لەلایەن پیشەكارانەوە زمانی فەرمی تێدا بەكاردەهێنرێت ، بەتایبەت ئەو پیشەكارانەی كە لە دامودەزگاكانی حكومەتدا كاردەكەن هەروەها هەندێكیش زمانی نافەرمی ،كە زیاتر پیشە ئازادەكان دەگرێتەوە .

## ئەنجام

گرنگترین ئەنجامەكانی توێژینەوەكە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

١- پیشە و كاری ڕۆژانە كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شێوازی ئاخاوتنی تاكەكانی كۆمەڵگا هەیە هەر بۆیە كاتێک گفتوگۆ لەگەڵ كۆمەڵێک كرێكار لەشوێنی كارەكەیان ئەنجامدەدەین وشە و دەربڕینەكانیان پەیوەستە بەكار و چالاكیی ڕۆژانە و پیشەكەیانەوە بۆ هەموو پیشەیەكی تریش بەهەمان شێوە ڕاستە.

٢- لەم شێوەزارەكەدا هەندێك وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە و لە شێوەزارەكانی تردا بەكارناهێنرێت.

٣ - ئەم شێوەزارە خاوەنی چەندین تایبەتمەندییە و جیاوازە لەگەڵ شێوەزارەكانی تری زمانی كوردیدا ،جگە لە كاریگەری زار و شێوەزارەكانی تر لەسەر شێوەزارەكە، كۆمەڵێك وشە و دەستەواژەی تایبەت بە زاراوەی پیشەیی كە لەلایەن پیشەكارانەوە و لە بوارێكی تایبەتی كاردا

بەکاردەهێنرێت وشەی ڕەسەنی کوردین و هەندێکیان وشەی بیانین بەتایبەتی  کاریگەریی و کارتێکردنی زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی دەبینرێت.

٤- لەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە تەواوی پیشە جیاوازەکان خاوەنی جۆرێک لە زمانی تایبەتمەندی خۆیانن لە پێکهاتەی وشەسازیدا و ڕۆژانە کار و چالاکییەکانیان پێ ئەنجامدەدەن .

٥- زارە پیشەییەکان  خاوەنی ژینگە و جوگرافییای تایبەتی خۆیانن هەرکە لەو سنور و ژینگەییەی کار و پیشەکەیان دوور کەوتنەوە شێوازی ئاخاوتنیان دەگۆڕێت کەمتر وشە و دەستەواژەکانی پیشەکەیان بەکاردەهێنن.

## سەرچاوەکان


أ- به زمانی کوردی

1- ئومێد بەرزان برزو ، 2020 ، توێژینەوە زمانەوانییەکان ، بەشی دووەم ، چاپخانەی جنگل – ئێران

2- بەکر عومەر عەلی ، شێرکۆ حەمەئەمین قادر ،2007 ، زار و شێوەزار ،چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی .

3- ڕابەر کاکەڕەش سەیدمینە ، همزە حسین حمە ، 2022 ، ڕۆڵی شێوەزاری پشدەر لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ژمارە ( 9 ) .

4- ڕەفیق شوانی ، 2001 ، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر.

5- ڕەفیق شوانی ، 2008 ، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر.

6- سروە بەکر عەزیز ، 2017 ، هەندێ لایەنی ڕێزمانی لە شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکانی کەرکوکدا ، نامەی ماستەر ،کۆلێجی پەروەردە _ زانکۆی ڕاپەڕین.

7- سەلام ناوخۆش ، نەریمان خۆشناو ، 2002 ،کوردۆلۆجی ،چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاودێر ، هەولێر.

8- سەربەست جیهاد ، 2020 ، کورتەیەك لە مێژووی زمان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاودێر ، هەولێر.

9- سەلام ڕەحیم ڕەشید ، 2014 ، یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری خانەقیندا ، نامەی ماستەر ،فاکەڵتی پەروەردە – زانکۆی کۆیە.

10- سۆزان کریم محمد ، 2021 ، پێواژۆ مۆرفۆلۆجییەکانی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری خانەقیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردە – زانکۆی گەرمیان .
11- شاڵاو ساڵح حەمەغەریب ، 2017 ، زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان _ زانکۆی سەلاحەدین.
12- شلێر ڕەشید عەبدوڵڵا ، 2015 ، پرۆسەی گەیاندن و چالاکبوونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان لە زمانی کوردیدا ،نامەی ماستەر ، سکوڵی زمان – زانکۆی سلێمانی .
13- شیلان ڕەحیم ئیبراهیم ، 2004 ، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان – زانکۆی سلێمانی .
14- عەبدلمەناف ڕەمەزان ئەحمەد ، 2009 ، ئەتڵەسی زمانی ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان – سەلاحەدین .
15- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ ، 2015 ، چەند باسێکی وردی زمانەوانی ،بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ، هولێر .
16- فەریدون عەبدول محەمەد ،ئەبوبەکر عومەر قادر،2010،کەرەسە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا ،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژ ( 27 ).
17- کامل حسن بصیر ، 1984 ، زمانی نەتەوایەتی کوردی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، بەغداد .
18- نەسرین نوری عەبدوڵڵا ، 2016 ، کاریگەریی زمانە دراوسێکان لەسەر شێوەزاری خانەقین ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان – زانکۆی سلێمانی .
19- محەمەد حوسێن ئەحمەد،2016،ململانێی زارەکان ( زاری ناوەڕاست و ژورو وەك نمونە )نامەی ماستەر
20- نەریمان خۆشناو ، 2016 ، زار و زمان ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .
21- نیعمەت عەلی سایە ، 2004 ، ڕێزمانی کوردی زاری کەڵهوڕی ،چاپخانەی شڤان ، سلێمانی

<u>ب- بەزمانی عەرەبی</u>

1- ژینۆ بختیار هاشم ، عاتف عبدالله فرهادی،2024 ،(تطبیق النظریة المورفولوجیةللهجات اللغة الكردیة،مجلة بحوث الغات- الكلیة التربیة للبنات، جامعة تكریت مجلةالثامن ،عدد(1)
2- سلام رشید،خوشناو عزیز، سوزان كریم 2024، التبادل الرموز في الكلام الكردي-لهجة خانقین أنموذجا،مجلة بحوث الغات- الكلیة التربیة للبنات، جامعة تكریت مجلةالثامن ،عدد(5)

<u>ج - بە زمانی ئینگلیزی</u>

1- Brainscape , Occupational ,2024 , Dialects and jargon flashcards preview.17.
2- Retorlka Juynal Ilmu Bahasa,Dialect, 2015 , No .2 October.
3- J.K.Chambers,1998, Dialoctology,second edition,Cambridge University press.

4- George Yule,2014,The study of language,fifth edition, Cambridge University press,Newwork.

5-Charles A. Ferguson (1959) Diglossia, WORD, 15:2, 325-340, DOI: 10.1080/00437956.1959.11659702